# هەندێك دیاردەی لادان وسەرلێشێواوی
# لە یەکخواپەرستی پەروەردگاریەتیدا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

عبدالسلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ مظاهر الانحراف فى توحيد الربوبية ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# هەندێك دیاردەی لادان وسەرلێشێواوی
# لە یەكخواپەرستی پەروەردگاریەتیدا

وەك لە ڕابردوودا ئاماژەمان پێدا لەگەڵ ئەوەی یەكخواپەرستی لەپەروەردگاریەتیدا (توحيد الربوبية) مەسئەلەیەكە و خوای گەورە فیطریەتی مرۆڤەكانی لەسەر دروستكردووە وبەڵگە گەلێكی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر فیطرەتی پاكی باوەڕ بەخوا لەدایك دەبێت ( بەو مانایەی هیچ خاوەن فیطرەتێكی ساغ وسەلیم نیە ئینكاری بوونی خوای گەورە بكات) بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا كەسانێكی دەروون نەخۆش هەن لەكۆمەڵگەدا هەمیشە تووشی لادان و سەرلێشێواوی دەبن لەم مەسئەلەیەدا، دەكرێت ئێمەش ئەم دیاردەی لادان و سەر لێشیواویە لەچەند خاڵێكدا كوورت بكەینەوە :

١) ئینكاری پەروەردگاریەتی خودابوونی ئەو زاتە پیرۆزە لەبنەماوە، هەروەك چۆن مولحیدەكان دروست بوونی ئەم

هەموو مەخلوقاتە دەگێرنەوە بۆ سروشت و دەڵێن : سروشت ئەم هەمووە دروستکراوەی خولقاندووە، یان لەئەنجامی بەدوای یەکدا هاتنی شەو ڕۆژ دروست بوون، و زۆر ورێنەی تری لەم جۆرەیە، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ) {الجاثية :٢٤} واتە : هەندێك لە هاوبەشدانەرەکان دەیانووت: جگە لەم ژیانی دونیایەمان، شتێکی تر لە گۆڕدا نیە، بۆ خۆمان ئەژین و ئەمرین، واتە: دەستەیەك ئەژیی و دەستەیەك ئـــــەمرێ، ئیتر دوای ئەوە نەزیندوو بوونەوە هەیە، نە لێپرسینەوە !! وە هەر سروشت و زەمان و ڕۆژگارە دەمانمرێنی و لەناومان دەبات. لەوە ئەچێ ئەوانە هەندێك بوو بن، پروایان وابوو بێ کە هەموو شتێك هەر بەدەستی سروشت و ڕۆژگارە، لەوانەن کە پێیان وتوون (دەهرییەکان)، ئێستایش پاش ماوەیان لەهۆنراوەو پەخشانی شاعیرەکاندا ئەبینرێ: (وەك ئەم وشانە: فەلەك! زەمانە!

غەددارا! چەرخی چەپگەڕا!..هتد)، جا ئەوانە لە هەموو سات و سەردەمێکدا سەریان هەڵداوەو سەر هەڵئەدەن و، هەوڵی چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیە ئەدەن، بەو هیوایەوە خەڵکی لە شەرعی خوا دوور بخەنەوە، گومانیش نییە لەوەدا کە بەخەستی خۆیشیان سەرگەردانن، جگە لە شوێنکەوتووەکانیشیان.. ئەوە کۆمەڵی سادەو ساویلکەیە'.

ئیمامی (موسلیم) ئەم فەرموودەیەی هێناوە: (لا تسبوا الدهر، فإن اللّٰه هو الدهر ) پێشەوا شافیعیی ئەڵێ: عەرەبەکان لەسەردەمی جاهیلیەتدا کە بەڵاو نەهامەتێکیان تووش دەبوو ئەیان وت: (یاخی بە الدهرا!)، ئەو ڕووداوانەیان دەدایە پاڵ ساڵ و زەمان وجنێویان ئەدا، خۆ لە واقیع و بنەڕەتیشدا هەر خوای گەورەیە ئەو کارانە ئەکات، جا کەوابوو وەك جنێویان بەخوا دابێ وایە، چونکە لەهەقیقەتدا خوا خۆیەتی زەمانە دەگێڕێ و (فاعیل)ـە، (ئەمە لە تەفسیری ئیبن کەسیردا هاتووە)، ئەوانەش ئەو قسە ئەکەن، هیچ جۆرە زانستێکیان لەو بارەوە

نیە، هەر لە خۆیانەوە ئەو قسەیە دەکەن ،واتە: ئەوەی دەیڵێن لە رێی زانستەوە نیە، بەڵکو تەنها گومان ئەبەن، گومان بەو لاوە هیچ دڵنیاییەکیان نییە.

٢) ئینکاری کردنی هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی پەروەردگارێیەتی پاك وبێگەرد، وەك ئەوەی کە ئینکاری ئەوە بکرێت کە خوای گەورە (اللّٰه) دەسەڵاتی هەبێت بەسەر مردنی مرۆڤەکاندا یان زیندوو کردنەوەیان لەپاش مردنیان، یان سوود وزیان پێگەیاندنی، ونموونەی تری ئەم جۆرە گومانانە.

٣) پێدانی هەندێك لەتایبەتمەندیەکانی پەروەردگاریەتی پاگ وبێگەردبە کەسانی تر غەیری خودا، هەرکەس باوەڕی وابێت کە غەیری خودا دەسەڵاتی هەیە لەبەڕێوەبردنی گەردوون وەك دروستکردن لەنەبوونەوە یان لەناوبردن، یان مراندن وژیان پێبەخشین، یان باوەڕی وابێت کە غەیری خودا دەتوانێت زەرە و زیان و سوود وقازانج بگەیەنێت بەبێ ئیزنی ئەو، یان هەندێك

مانا ومەبەستی تر کە تایبەتمەندە بە خوایەتی خوای گەورە لە پەروەردگاریەتیدا لە(الربوبية) ی ئەو زاتەپیرۆزە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو کەسە هاوەڵ وشەریکی بۆ خوای گەورە وبەرز وبڵند بڕیارداوە .

خوای گەورە لەگوناهی هەمووومان خۆش بێت وداواکارین لە زاتی بەرز وبڵندی پەنامان بدات لە کەوتنە ناو ئەم تاوانە گەورە و خراپانەوە کە لەکۆتایدا (خوانەخواستە) پێیان بێباوەڕ ببین .